# ئاوابوونی فەلسەفە

نووسینی: مەسعود بینەندە

لە سەردەمێکی سەیردا ئەژین گەیشتووینەتە ئاستێك کە دوایی هاتنی هەموو شتێ بە چاوی خۆمان ئەبینین. زۆربەی ئەو داب و نەریتانەی کە هەزارەها ساڵە مرۆڤ وەکو پڕ بایەخترین شتەکان خۆی پێوە گرێدابوون ئێستا زۆر بە سادەیی وە لاوە دەنرێن. ئەو پێوەندییە کۆمەلایەتیانە کە وەکو دەستووری پیرۆز پارێزرابوون بە تەواوی لە گۆڕان و ژێرەو ژوور بووندایە. گەیشتووینەتە زەمەنێ کە بەڕاستی "هەر شتێ سەخت و سەقامدارە، دەبێتە دووکەڵ لە هەوا دا نووقم دەبێت". تەنانەت دەسەلاتی براگەورەکان (big brothers) و باوکە سەرکوتکەرەکانمان ڕووی لە خەزانی نووشوستی و فەشەل بوون ناوە. لەم ساتە مەرگ ئامێزەدا هەواڵی مەرگی شتێ ڕاگەیەندراوە کە ڕەنگە بۆ هەندێ کەس ناهومێدی و بێزاری بەدواوە بێت و بۆ هەندێکی تر خۆشحاڵی و هیواداری. مەرگی فەلسەفە لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستەوە، چەمکێکی ئاشنا و پڕ دەنگدانەوەیە. ئەگەر بمانەوێ بۆ بنەما مێژووییەکانی ئەم هەرەسهێنانە بگەڕێین پێم وایە دەبی گوێ لە فەیلەسووفی گونیگسبرگی بگرین کە بە دەست نیشانکردنی ئاقارەکانی مەعریفە جێگای بە میتافیزیك تەنگکرد و پووچەڵ بوونی بانگەشەکانی ڕوون کردەوە. کانت لە ڕەخنەی یەکەمیدا (ڕەخنە ئەقڵی ڕەها) تەواوی هەوڵی خۆی لە ڕێگای سەلماندنی ئەو ڕاستییەدا خستەگەڕ کە ئەقڵی ڕەها ناتوانێ بەبێ پێوەندی بە ئەزموونەوە، ببێتە سەرچاوە و بەدیهێنەری مەعریفە، ئەم تیۆرە بەرهەڵستی ئەو ڕەوتە ئەقڵ خوازانەیە بوو کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، ئەقڵ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە ئەزموونی واقیع دەتوانێ داهێنەری مەعریفە بێت، هەرچەند کانت هەندێ بنەمای میتافیزیکی لە تیۆرییەکانی خۆیدا هێشتەوە وەکو بڕیارە لە پێشەکان کە مەعریفەی پێشینی (a prior knowledge) دێنێتە ئاراوە، بەلام لە خودی ئەم گوتە (مقولە) میتافیزیکیانە بۆ ڕووخاندنی میتافیزیك کەڵکی وەرگرت. کانت ئەم گوتە لە پێشیانەی دابەشکرد بە دوو دەستەوە "یەکەم گوتەی لە پێشی شیکارانە و گوتەی لە پێشی پێکهاتوویانە (ترکیبی)، گوتەی یەکەم هیچ شتێ لە بواری جیهانی واقیعەوە بە ئێمە ناڵی و لێرەدا مەحموول لە خودی بابەت (موضوع) دا شاردراوەیە وەکو "هەر پیاوێك ڕەگەزی نێرە". ئەم گوتانە بە شێوەیەکی پێویستیانەو لە پێش ئەزموونی دروستیان سەلمێندراوە. گوتەی دووهەم هەرچەند شتێ لە بواری جیهانی واقیعەوە بە ئێمە ناڵێ بەلام خۆی لە خۆیدا سەلمێندراوە و بە شێوەیەکی پێویست ڕاستە. بۆ نموونە هاوکێشە (معادلە) ماتماتیکیەکان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن. ئێستا کە ئاوڕێ لە میتافیزیکی مێژووی فەلسەفە ئەدەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کە لە کام یەك لەم دوو بەشە ئاماژە پێکراوەی کانتدا دەگونجێن. کانت پێی وایە کە نە ئیدەی ئەفلاتوون و نە مونادی لایب نیتس و نە گەوهەری ئیسبێوزا هیچ کام حەقیقەتی لە پێش ئەزموونی نین و هەروەها ئەزموون هەڵگریش نین کە وایە ئەمانە بەتاڵ و پووچن. ئاوەهایە کە کانت لە میتافیزیك بۆ ڕووخاندنی میتافیزیك کەڵك وەردەگرێ و ئەمە بێگومان بۆ فەلسەفە کە زۆربەی سیستەمەکانی لە سەر بنەمای میتافیزیك سەقامگیر کردبوو، داڕووخانێکی مەرگەسات ئامێز بوو. کانت داهێنانەکانی خۆی لەم بوارەدا بە "شۆڕش کۆپرنیکی لە فەلسەفە" ناساند بەلام لەڕاستیدا ئەمە شۆڕشێکی دژە فەلسەفە بوو نەك بەو واتایەی کە کانت خۆی بە دژە فەلسەفە ناساندبێ بەڵکو بەو واتایە کە ئەم

شۆڕشە بنەمایەکی پتەوی بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نوێ لە مەعریفەی مرۆڤدا کە لانی کەم لە لایەنی ڕووکەشیەوە بە مەزنترین دوژمنی فەلسەفە ناوی دەرکرد.کانت میتافیزیکی دابەش کردوە بە سێ بەشی جیاوازەوە: 1-دەروون ناسی ئەقڵانی. 2-کەیهان ناسی. 3-ئیلاهییات کانت هەرسێ بەشی میتافیزیك بە خزانە نێو داوی لۆژیکی تەوە هوم تاوانبار دەکات و ئەڵێ ئەم لایەنانە هەرکام بەو بۆنەوە کە دەیانەوێ بەبێ پێوەندی بە ئەزموونەوە قسە لە دروستی خۆیان بکەن، بەتاڵ و پووچەڵن. کانت هەرچەند لە چەمکی (شتی لە خۆیدا) و لە ڕەخنەی دووهەم و سێهەمیدا (ئاکار و جوانناسی) گۆڕەپانێکی بۆ ژیانەوەی فەلسەفە ئاوەڵا کرد بەڵام لە بەستێنی مەعریفەدا کە زۆرترین هەوڵی مێژوویی فەلسەفە لەو بوارەدا تەرخان کرابوو، ئەرکی فەلسەفە تا ئاستی دیاریکردنی سنوورەکانی مەعریفە دابەزاند. لێرەدا ئەتوانین دوا ئامۆژگاری کانت بۆ فەلسەفە هاوچەشنی ئامۆژگارییەکی ویتگنشتاین بهێنینەوە کە دەیگوت: "لەو بوارەوە کە ناتوانی قسە بکەی بێ دەنگ بە". فەلسەفە هەرچەند لەم ڕوانگەوە دەسەڵاتی تا ڕادەیەك پارێزراوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە خزمەت دەسەڵاتێکی مەزنتر دایە بەنێوی زانست. فەلسەفە لێرەدا وەکو پاسەوانێ چاودێری یاریکەرێ ئەکات کە لە سنووری یارییەکە تێپئەپەڕێ، بەڵام لەڕاستیدا یاریکەر خۆی بەو قەناعەتە گەیشتووە کە تێپەڕان لە سنوور ناتوانێ لە سەرکەوتنیدا دەوری هەبێت، ئا لێرەدایە کەوا هەست ئەکرێ هیچ پێویستی بە پاسەوانەکە نەماوە ! !

## قۆناغی فیلۆسۆفیا تێپەڕیوەو ئێمە لە سەردەمی سۆفیا دا ئەژین

### "هیگڵ"

هەڵبژاردنی هیگڵ وەکو فەیلەسوفێك کە پێوەندی بە کێشەی ئاوابوون یاخود مەرگی فەلسەفەوە هەبێت. لە نیگای یەکەمدا بە هەڵبژاردنێکی هەڵە ئامێز و بێ جێگە دێتە بەرچاو. بەڵام بە خوێندنەوەی فەلسەفە دژوارەکەی هیگڵ ب ۆچوونی ئێمە لەم بوارەوە دەگۆڕدرێ.

فەلسەفەی هیگڵ لەڕاستیدا وەڵامی بوو بە تەفسیری ڕۆمانتیکی لە فەلسەفەی کانت و هەروەها خودی فەلسەفەی دوو بەرکێیانەی (سوژە-ئوبژە)ی کانت. هیگڵ لە بەرانبەری ئایدیالیسمی زەینی فیشتە دا کە نوێنەری دژایەتی من و ئەوی دی بوو و هەروەها لە بەرانبەری ئیدەئالیسمی عەینی شیلینگ دا کە ئەم ئەوەکی من و ئەوی دی سەلماندبوو، ئایدیالیسمێکی نوێی هێنایە کایەوە بە نێوی ئایدیالیسمی ڕەها (مطلق). ئایدیالیسمی ڕەها لەڕاستیدا هەم دەستووری ئەم ئەوە کەی فیشتە و هەم دەستووری نا ئەم ئەوەکی شیلینگیی لە پرۆسەیەکی دیالکتیکیدا پێکەوە گونجان و سیستەمی فەلسەفەی خۆی بە سەریەوە دامەزراند. هیگڵ بەرهەڵستی هەندێ کەس کە پێیان وایە دەستووری لۆژیکی دژوازەیی (تناقض) ڕەتکردوەتەوە، شتە ناتەباکانی پێکەوە کۆکردۆتەوەو لە بنەڕەتدا پرەنسیپی دژوازەیی پاراستووە هەر بۆیە لە ئاکامی کۆبوونەوەی شتە دژوازەکاندا، سەنتزێکی نوێ بەرەنجام ئەگرێ و هەبوونی ناکۆکی لە بنەڕەتی ئەم سەنتزەشدا ئاشکرا ئەکات، بەم پێیە هیگڵ دوو چەمکی سنووردار و بێ سنوور بە هەڵگری تایبەتمەندی یەکتر دەزانێ. دیاردەی بێ سنوور بەو پێیە کە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە سنووردارەوە هەیە هاوگرییێکی دیالکتیکی پێکەوە دروست ئەکەن و بێ سنوور لە پانتایی سنووردار دا خۆی ئەنوێنێ. لێرەدا بێ سنوور بەو شێوە کە هیگڵ ناوی لێ ئەبات ڕۆحە (gaiest). سروشت بە ئەنجام گەیشتووی عەینی ڕۆحە و مرۆڤ بە ئەنجام گەیشتووی زەینی ئەو دیاردە لە بڕان نەهاتووەیە. کاسێت هەرچەند بنەڕەت و ئەنجامی نزیکایەتیی لە بەرچاوی بە چەمکی خودا لە ئاینەکاندا هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا، چەمکی "گایست"، نە خودای ئاماژە پێکراوی ئایینیەکانە وە نە گەوهەری وەحدەت وجودییەکان. هەرچەند گایست لای هیگڵ بە بنەڕەت و ئەنجامی سروشت و مرۆڤ دەژمێردرێ بەڵام لێرەدا هەبوونی گایست پەیوەستە بە هەبوونی زەین و عەینەوە و گایست ناتوانێ لە بواری زەمەنییەو چ لە بواری هەستی ناسانەوە لە پێشێتی بەسەر مرۆڤ و سروشتدا هەبێت.

بەرانبەریەکی (تقابل) یەکەم ئەو کاتەیە کە گایست دێتە چوارچێوەی مادەو جەستەدار ئەبێتەوە، جەستەداربوونی گایست لەو حاڵەتەدایە کە مرۆڤ بە تەواوی تێکەڵی سروشت بووە و لە نائاگایی دا ئەژیت. بۆ گەیشتن بە ئاگایی مرۆڤ دەبێ ئەو بەرانبەر یەکیەی (ڕۆح–سروشت) لە ناخی خۆیدا پێك بێنێ و لەوێوە دەرگاییێك بەرەو دەربازبوونێکی دووبارە لەو بەرانبەریەکییە بدۆزێتەوە. مرۆڤ لە ڕێگای ئاگاییەوە، بە سەر یەکگرتووی بنەڕەتی ئەو بەرانبەریەکیەدا هوشیار دەبێتەوە و ئەم جارەیان لە پلەیەکی بەرزتردا سەنتزێکی نوێ بەدی دێنێ. بە ئەنجام گەیشتنی ئەم سەنتزە لە ڕێگای خود ئەندێشیەوە دێتە کایەوە، واتە ئەندێشەیەك بیر لە خۆی ئەکاتەوە. کەواتە لێرەدا مرۆڤ خۆی هەم دەبێتە سوژەو هەم دەبێتە ئوبژەی ئەو سوژەیە. لێرەدایە کە هیگڵ ئەو ڕاستیە دەرئەبڕێ کە: "ڕەها (مطلق) هەمان ئەندێشەی خود ئەندێشە".

لە ئاکامی ئەم خود ئەندێشە و خۆناسینەدا کە هەمووی لە سەرەتادا وەکو ئامانجی گایست داڕێژرابوون، ڕۆیشتنێ بەرەو ڕۆحی ڕەها بە شێوەیەك بەرەبەرەیی و دیالێکتیك دێتە کایەوەو سێ قۆناغی گرنگ کە گایست لەوێدا وەکو وجودی زەینی (**subjective**) دێتە کایەوە، تێپەڕ ئەبێ" ئەم سێ قۆناغە بریتین لە هونەر و ئایین و فەلسەفە. خود ئەندێش و هەم باز ئەندێش (**Reflection**) هەرچەند لە هەر سێ قۆناغەکەدا بە ئەنجام ئەگات بەڵام لە فەلسەفەدایە کە قەلە پۆپەی ئەم پرۆسەیە دێتە کایەوە و جیاوازی نێوان مەعریفە و حەقیقەت بە تەواوی دەسڕدرێتەوە. لێرەدا هیگڵ جیاوازی دەنێتە نێوان فەهم (**Verstoud**) و ئەقڵ (**Vernuft**) بە چەشنێ کە فەهم لە ڕێگای جیاوازی و بەرانبەریەکیەوە ئاگایی دەخولقێنێ کە خۆی لە خۆیدا ئاگاییەکی ڕووکەشیانە و بەکارهێنەرانەیە. ئەم شێوە بە ئاگایی گەیشتنە بە تایەت لە بەستێنە زانستییەکاندا باوە. بەڵام شێوازی مەعریفە لە فەلسەفەدا ئەقڵ (**Vernuft**)ە، کە لە ڕاستیدا ئەو پرۆسە ئامانجدارەی لەگەشەکردنی ئاگاییدا بەردەوامە دیاری ئەکات و ئەو پرسیارە وەڵام ئەداتەوە کە "چۆن بێ سنوور خۆی لە نێو سنوور داردا و لە ڕێگای ئەوەوە دەگەیەنێ بە ئەنجام".

هیگڵ بە ڕاشکاوی دەڵێ کاری فەلسەفە لێکدانەوەو ناسینی ژیانی ڕەهایەو هەروەها "ڕەها بریتییە کە پرۆسەی گشتی خۆ بەرز نوێنی (**self-expression**) و خۆدەربڕینی (**Self-manifestation**) لە دیاردەی سنووردارردا. بۆچوونەکانی هیگڵ لە بواری مێژووی فەلسەفەوە پێوەندی بە فەلسەفەی مێژوویی خودی فەلسەفەکەیەوە هەیەو هەروەها ئاکامی ئەو سیستەمە مێژووییە کە تێدا، "گایست" دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و لە پرۆسەیەکی خود ئەندێشدا گەشە ئەکات و بەرەو ئازادی و ڕەهاییەتی ئەڕوات. ئەم پرۆسەیە بێ گومان تەنیا لە ڕێگای فەلسەفەوە دێتە ئەنجام. بەپێی فەلسەفەی مێژووی ڕۆحی ڕەها، زنجیرەیەکی پلەیی (سلسلە مراتبی) لە هەستیدا سەقامدارە کە نە تەنیا فەلسەفە لە جێگاییەکی سەرتردا لە ئاستی هونەرو ئایین لە بەرچاو دەگرێ بەڵکو تەنانەت فەلسەفەکانی سەردەم لە ئاستی فەلسەفە کۆنەکاندا بە پێشکەوتووتر و گەشەدارتر ئەزانێ. بەم پێیە خودی فەلسەفەی هیگڵ دەبێتە ترۆپکی مێژووی فەلسەفە کە لەوێدا ڕەهاییەتی و ئازادی بە تەواوی دێتە ئەنجام. لێرەدا دوو بۆچوون لەسەر ڕوانینی هیگڵ بۆ مێژووی فەلسەفە و سەر ئەنجامەکەی جێباز کراوە: یەکەم ئەو بۆچوونەی کە ئەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە هیگڵ بڕوای بە ترۆپك بوونی فەلسەفەی خۆی هەبووە کە تێیدا حەقیقەت لە بەرزترین ئاستدا ڕاهاتووە و گەیشتووەتە ئەنجام بەڵام فەلسەفەکەی خۆی بە دوا فەلسەفە نەزانیوە بەڵکو پێی وابووە کە فەلسەفەکانی داهاتوو دەتوانن ئەم پرۆسەیە پێشتر بخەن.

هەندێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە پێی فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ، فەلسەفەکەی خۆی ترۆپکی حەقیقەتەو لەوێدا تەواوی دژوازەیەکان تاووتوێ کراون کە وایە فەلسەفەکەی هیگڵ تەواوترین و گەشەدارترین قۆناغی فەلسەفەیە. بەڵام بە بۆچوونی نووسەر هیچ کام لەو دوو تەفسیرە ناتوانێ هەڵگری ڕووی ڕاستی فەلسەفەی هیگڵ بێت لە بواری مێژووی فەلسەفەوە. بێگومان هەندێ توخمی جیاواز لە بۆچوونەکانی هیگڵدا بووەتە سەرچاوەی ئەم دوو تەفسیرە کە ئەڵێن فەلسەفە

له دوای هیگڵ تەواو بووه یان له بەردەوام بووندایه. بەڵام تەفسیری نووسەر له فەلسەفەی هیگڵ هەردوو بۆچوونی پێشوو دەگرێته بەرو له هەمان کاتدا ڕای هیچ لایەنێکیش به تەواوی پەسەند ناکات. هیگڵ کاتێ هەوڵ ئەدات دووبەرەکی (سوژه– ئوبژه)ی فەلسەفه پێشووەکان بسڕێتەوه ئاماژه به یەکخستن و یەکگرتنێك ئەکات که له بنەڕەتی دوولایەنی ڕووبەڕوودا هەر له پێشەوه، چێنراوه. کەوایه ئەنجام هەر له سەرەتاوه بوونی هەبووه بەڵام به فیعل نەگەیشتووه. "گایست" بەرەو یەکگرتووێك دەچێته پێش که لەسەرەتاوه هەبووه کەوایه ئەم پرۆسەیه ناتوانێ له بڕان نەهاتووبێت، بەڵکو له قۆناغێکی مێژووییدا و له پانتاییەکی زەینیدا ئەم یەکگرتنه دەگاته ئەنجام و ڕەهاییەتی و ئازادی سەقامگیر دەکات. ئەمه بەو واتایه نییه که هیچ فەلسەفه یان حەقیقەتێك به دوای فەلسەفەی هیگڵدا نایێ، بەڵکو بەو واتایەیه که هەر فەلسەفه یان هەر حەقیقەتێك بەدوای فەلسەفەی هیگڵدا و له ژێر دەسەڵاتی ئەودا دێته کایەوه. فەلسەفەکانی دوای هیگڵ دەبنه دووپاتکردنەوەو پێ له جێ نیانی ئەو هەنگاوانەی ئایدیالیسمی ڕەها هەڵی هێناوه. کەوایه لێرەدا فەلسەفەی هیگڵ خاڵی دوایی مێژوویی فەلسەفه وەکو هێڵێکی ڕاست نییه بەڵکو ترۆپکی مێژوویی ئەندێشەیه وەکو کێوێك که تەواوی هەوراز و نشێوەکانی تر له ژێر پێی دایه. لێرەدا هیگڵ بەو چەشنەی که مێژوویی ئەندێشەی دوایی هێنابێ تەواوکەر نییه بەڵکو بەو شێوەیه که حەقیقەتی ئاخری (کلام اخر) دەربڕیبێ، دوای هێنەره. هیگڵ هاوچەشنی ئەو بۆچوونەی له تیۆری دەوڵەتدا دەرئەبڕێ. به بڕوای هیگڵ دەوڵەت به ئەنجام گەیشتنی ئوبژکتیوی ڕۆحه له بەرزترین و باشترین ئاستی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونیدا. له دەوڵەت دایه که یاسا دێته کایەوەو مافی مرۆڤ له چوارچێوەی دا واتا دەگرێته خۆی، کەوایه به بڕوای هیگڵ ئازادی تەنیا به پێی قانون و له پێوەندی شاروەند لەگەڵ شار (مدینه) دا دێت کایەوەو ئەمه ئازادییەکی ڕاستیانەیه (**Wirklich**) که له شێوازێکی ژیاندا به ئەنجام گەیشتووه. هەر بەو پێیه فەلسفەی هیگڵ دەبێته ترۆپکی مێژوویی فەلسەفه، دەوڵەتی پروسی ئەو سەردەمەش وەکو تاکه دەوڵەتێ که ئازادی لەوێدا به ئەنجام گەیشتنێکی ئوبژکتیوی بەدەست هێنا بێ له لایەن هیگڵەوه پێناسه ئەکرێ.

"هیگڵ دەوڵەتی ناپلیۆن وەکو نموونەیەکی تەواوی دەوڵەتی جیهانی هەڵئەبژێرێ". ئەگەر پاشماوەی بیرۆکەی دەوڵەت لای هیگڵ هاوچەشنی بیرۆکەی له بواری فەلسەفەوه ببینین لێرەدا دەوڵەت به واتای گشتی دەبێته ناوەندێك که ئازادی به بێ ئەو مەحاڵه. کەوایه گرێدانی ئازادی و ڕەهایەتیی له دوو شێوازی ئوبژکیتو و سوبژکتودا به سیستەمی فەلسەفی هیگڵ و دەوڵەتی ئەو سەردەمەوه حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگره که له بەرهەمەکانی هیگڵدا وه بەرچاو ئەکەون. هیگڵ ئەرکی فەلسەفه لەو بوارەوه که بیەوێ پرۆسەی گەشه کردنی گایست و خود ئەندیشی و خود پەرەپێدانی (**Self-development**) دەست نیشان بکات، به بەردەوام دەزانێ بەڵام هەرچەشنه فەلسەفەیەك که بیەوێ دووبەرەکی (سوژه– ئوبژه) دووپات بکاتەوه یان به شێوەیەك کاری فەلسەفه تا ئاستی پاسەوانی زانست و مەعریفەی زانستی له بەرچاو بگرێ به دوایی هاتوو دەزانێ، فەلسەفه له دوای هیگڵ به شێوەیەکی تایبەت دەتوانێ بەردەوام بێت.

## "فەلسەفه تا ئێستا وەسفی جیهانی کردووه، لەمەو بەدوا دەبێ جیهان بگۆڕێ".

**مارکس**

ئایدیالیسمی ڕەهای هیگڵ له ڕوانگەی مارکسدا ئایدیالیسمێکی زەینییه که واقیعی به شێوەیەك ئاوەژوو کراو لەسەرسەریەوه داناوه، واته به جێگەی ئەوەی سوبژه به ئاکامی واقیع دابنێ، به پێچەوانەوه بەهای به زەین و له پێشێتی زەینداوه. مارکس به کەڵك وەرگرتن له بۆچوونەکانی فیشته بەرگێکی ماتریالیستی دەکاته بەرچەمکی مێژوو و حەرەکەتی دیالکتیکی ڕۆح له مێژوودا و بەو چەشنه ماتریالیسمی مێژوویی و دیالکتیکی خۆی پێك دێنێ. دوو تەعبیری جیاواز له مارکس له ڕواڵەتی مارکسی فەیلەسوف و مارکسی زانستیار دا بەردەوام له بەرانبەریەکی و بەربەرەکانیدا بوون. ئەم کێشەیه که

دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی مارکس لە بۆچوونەکانی سەردەمی لاوێتی، کە بە زاراوەی دابڕان لە فەلسەفە و دەست هاوێشتن بۆ زانست ناوی لێئەبرێ.

مارکس لە وتەیەکی بەناوبانگیدا دەڵێ فەیلەسوفانی پێشوو هەوڵی خۆیان خستووەتە پێناوی وەسفکردنی جیهان و بۆ گۆڕانی ئەو جیهانە تێنەکۆشاون، هەر بۆیە فەلسەفە لەمەو بەدوا دەبێ کاری گۆڕانی جیهان بێت. لەم وتەیەدا ئەوەی بەرچاو دەکەوێ گۆڕانی کارو ئەرکی فەلسەفەیە نەوەك دابڕان لە فەلسەفە. بەڵام لەڕاستیدا مارکس بەم گۆڕانی ئەرکە ماهییەتی فەلسەفە لە واتای باو و ناسراودا بە تەواوەتی تێك دەشێوێنێ. مارکس بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە نیشانیداوە کە کەرەسەی گۆڕانی جیهانی زانستە نە فەلسەفە. هەروەها کە دەزانین مارکس کۆمەڵناس و ئابووری ناسی کۆمەڵگای سەرمایەداری بوو و ئەو ڕەخنانە کە ئاڕاستەی سیستەمی ئابووری و سیاسی دەکرد، هەمووی بە پێی لێکدانەوە و ڕاڤەی زانستی بوو (بەتایبەت زانستی ئابووری)، کەوایە دەبێ بزانین مارکس بە چ تەعبیرێك فەیلەسووف بووە و چ جێگاو دەورێکی بۆ فەلسەفە لە جیهانی مۆدێرندا هێشتۆتەوە. بە تەعبیری مارکس فەلسەفە لە واتا مێژوویەکەیدا کە تەنیا وەسفی (Discription) جیهان بووە دوایی پێهاتووە و تەنیا فەلسەفەیەك توانای مانەوەی هەیە کە لە گۆڕانی جیهاندا دەوری هەبێت. کەوایە بەم تەعبیرە فەلسەفە تەنیا لە ڕواڵەتی فەلسەفەی زانستیدا جێبازە. زانستە دیاردەکان لە ڕواڵەتی کەرتی (جزئی) دا ئەخوێنێتەوە و فەلسەفەی زانستی لە ڕواڵەتی گشتیدا. کەوایە فەلسەفەی زانستی و دەستوورەکانی، بە هەمان شێوەی دەستووره زانستییەکان، جێباوەڕ و ئۆبژکتیون.

کەوایە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاو مێژوو هەمووی یاسامەندە و بە پێی دەستووری گشتی و دیالکتیکی دەچێتە پێش. فەلسەفەی زانستی ئەرکی ناسین و دیاریکردنی ئەو دەستووره گشتیانەیە کە بەسەر مێژوو و ژیانی کۆمەڵگادا زاڵە. لەم پێناسەیەدا فەلسەفە لە زانست جیاناکرێتەوە و ئەمە بێگومان بڕواداری بە چەمکی گشتێتی (totality) یە کە مارکس لە هیگڵەوە وەری گرتووە. سەربەخۆیی فەلسەفە بە واتای جیاوازی میتۆد و بابەتی ناسین، لێرەدا بەدی ناکرێ. فەلسەفە بە چەشنێ لە خزمەتی زانست دایە و زانست هەروەها لەو دستووره گشتیانە شوێن کەوتوویی دەکات کە فەلسەفە جێبازی کردووە. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی مەعریفەیەکی تازەین کە خۆی بە ئالٌترناتیوی فەلسەفە و زانست دائەنێ: "سۆسیالیسمی زانستی". یەکەمین نیشانەی هەڵچەرخانی مارکس چەشنێ دابڕان بوو. دابڕان نە تەنیا لە ئایدیالیسم بەڵکو لە هەرچەشنە فەلسەفەیەکی سوبژکتیو لە تەواوی ڕواڵەتەکانیدا. مارکس، بە ڕاگەیاندنی ئەم ڕاستیە کە بە دڵنیایەوە خاوەنی ڕوانگەیەکی ماتریالیستیە، بە وشەی ماتریالیسم واتایەك نەبەخشێ کە هیچ پێوەندییەکی بەو شتەوە کە هولوسیوس و فویر باخ لەم بوارەوە دەریان ئەبڕێ نییە، بە بۆچوونی مارکس، ماتریالیست بوون، لەمەوبەدوا، بەواتای پەسەندکردنی لە پێشێتی زانست لە ئاستی فەلسەفە و لە پێشێتی کردار لە ئاستی فکردایە: "نە ڕەخنە گرتن لە ئەندێشەی فەیلەسووفەکان بەڵکو گۆڕانی جیهان".

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زاراوەی "فەلسەفەی زانستی" بە شێوەیەك جیاواز لە مارکس و مەکتەبی مارکسیزم بەکارهێنرا. بەو شێوەی کە کاری فەلسەفە لەم ڕوانگەوە تەنیا ڕێ خۆشکەرێك بۆ زانست بوو. فەلسەفە تەنیا دەیتوانی لەسەر ئەو بابەتانە قسە بکات کە زانست دیاریکردووە، کەوایە لێرەدا فەلسەفە بە تەواوی ماهییەتی مێژوویی خۆی لە دەست ئەدات و پلەو پایەی تا ئاستی بەردەست و شاگردێکی گوێ ڕایەڵی زانست نزم دەکرێتەوە.

ئەم ڕەوتە فیکرییە کە میراتخۆری ئەزموونخوازی کۆن بوون بە پۆزیتیویست و سەلماندن خواز ناویان دەرکرد. سەرچاوەی فیکری و فەلسەفی ئەم قوتابخانەیە فەیلەسووفێکی ئوتریشی بوو بە نێوی لودویك ویتگنشتاین. ویتگنشتاین وەکو مەزنترین یان لانی کەم یەکێ لە مەزنترین ئەندێشەکانی سەدەی بیستەم کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوتی فەلسەفەی نوێ هەبووە. بەو چەشنە کە نە تەنیا ڕەوتی بۆزیتویسمی لۆژیکی بەڵکو فەلسەفەی شیکارانە ( Analyticd philosophy) یان فەلسەفەی زمان سەرچاوەی خۆیان لە بۆچوونەکانی وەرگرتووە. لە نیگای یەکەمدا

ویتگنشتاین دژە فەلسەفەیەکی دۆگماتیستە کە بێجگە داڕووخانی فەلسەفە و بەستێنە نازانستییەکان ئامانجی تری نییە، هەروەها کە لە تەفسیری پۆزیتویستەکان لە بەرهەمەکانی ویتگنشتاین ئەم ڕوانگەیە دەرئەکەوێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ویتگنشتاین هاوڕای زۆربەی ئەو تەفسیرانە نەبوو کە لە بۆچوونەکانی ئەکرا.

یەکێ لە هۆکارەکانی جیاوازی و ناهاودەنگی لەنێوان لایەنگران و ڕاڤەکارانی بۆچوونەکانی ویتگنشتایندا دەگرێتەوە بۆ جیاوازی دوو قۆناغی ژیانی فیکری و ئاڵوگۆڕێ کە لە ئەندێشەکانیدا هاتەدی. هۆکارێکی تری ئەم تەفسیرە جیاوازانە دەگەڕێتەوە بۆ گرژی و ئاڵۆزی شێوازی نووسینی ویتگنشتاین بەو چەشنەی کە وتوویانە خۆی لە بەشێ لەو شتانەی دەینووسی تێنەگەیشت.

بەرهەمی قۆناغی یەکەمی ژیانی فیکری ویتگنشتاین کتێبێك بوو بە نێوی تراکتاتوس. ویتگنشتاین لەم کتێبەدا تیۆرەی وێنەیی زمان (Picture theory) و هەروەها تیۆرەی تابعی بەها (Truth function theory)ی دەربڕی کە وەڵامێك بوو بە پرسیاری چییەتی پێکهاتەی زمان و هەروەها کارکردنی زمان. بە ڕای ویتگنشتاین زمان بریتییە لە تیۆرم (Proposition). تیۆرم لە چوارچێوەی جیهانی واقیعدایە و گوزارشت لەو جیهانە ئەکات. نموونەی ئەمانە تیۆرمی زانستی و ئەزموونین کە لەنێو سنووری زماندا جێگەیان گرتووە واتادارن. ئەو تیۆرمانەی کە لەسەر سنووری زمان و ئەوپەڕی زماندا جێگەیان گرتووە، تەنیا گوزارشت لە خۆیان ئەکەن، واتە ئەمانە ئەم ئەوەکی بێژ (totology)ن و خۆیان دەگێڕنەوە. ئەم تیۆرمانە بێ واتان (Sensless) و بە تەواوەتی تیۆرم نین بەڵکو تیۆرمی داڕووخاو ( Degen erate propositions) ن، بۆ نموونەی ئەم چەشنە تیۆرمانە دەتوانین ئاماژە بە تیۆرمە لوژیکیەکان بکەین. هەروەها هەندێ بابەتی تر هەن کە لێکچووە تیۆرم (شبە گزارە)ن و ئەمانە لە دەرەوەی سنووری زماندا جێگەیان گرتووە. ئەمانە تیۆرمگەلێکی لە واتا داماڵراون (Nonsense) و لە چوارچێوەی تیۆرمدا ناگونجێن. ویتگنشتاین تەواوی میتافیزیك و فەلسەفەی کۆن بەوە تاوانبار ئەکات کە هەوڵیان داوە بابەتە لە واتا داماڵراوەکان لە چوارچێوەی تیۆرم دا بگونجێنن. تەواوی ئەو شتانەی کە گوزارشت لە جیهانی واقیع ناکەن واتە میتافیزیك، ئاکار، جوانناسی و... ئەگەر بە چەشنێ کەڵکیان لێ وەربگیرێ کە بە زمانی واقیع قسە بکەن، تووشی هەڵەو چەواشە بێژی (مغالطە) ئەبن و ئەمە چەشنێك بەکارهێنانی نادروستی زمانە. لەم حاڵەتەدا ویتگنشتاین ئەرکی فەلسەفە بە ئەرکێکی ڕۆشنگەرانە ئەزانێ کە دەتوانێ تەمومژی لەسەر ئەندێشەکان لاببات و سنووری زمان و تیورمە زمانییەکان دیاری بکات بەو چەشنەی کە ئەڵێ: "ئاکامی فەلسەفە تیۆرمە فەلسەفیەکان نین، بەڵکو ڕۆشنبوونەوەی تیۆرمەکانە".

بە بۆچوونی ویتگنشتاین بابەتە میتافیزکی و ئاکارییەکان لە چوارچێوەی تیرۆمدا ناگونجێن، بەو واتایەی کە نابێتە وتن و لە وتاردا ناتوانن خۆیان دەربخەن بەڵکو تەنیا دەتوانن خۆیان نیشان بدەن و بە شێوەیەکی جیاواز لە تیۆرمی وتاری خۆیان بنوێنن. بۆ نموونە کەسێك کە کردەوەیەکی ئاکارییانە بەڕێوە ئەبات یان داهێنانی هونەری ئەکات، بە کردەوەوە خەریکی نواندنی ئەو بابەتە گرنگانەیە کە تایبەتی جیهانی ئەوپەڕی زمانە. بەڵام بەڕێوەبەری ئەم کردارانە ئەگەر بیەوێ حەقیقەتی ئەو جیهانە لە شێوەی وتار و تیۆرمدا دەربخات، تووش دژوازەیی و چەواشەبێژی ئەبێت. پۆزیتیویستەکان بە چەشنێ تەفسیری ئەم بڕیارانەیان کردووە کە گوایە ویتگنشتاین دژ بە خودی میتافیزیك و دیاردە ئەوپەڕی زمانیەکان بووەو لە هەوڵی سڕینەوەو قتکردنی ئەو بابەتانەدا بووە. ویتگنشتاین لە وەڵامی یەکێ لە خوێندکارەکانیدا ئەڵێ: "وا بیرمەکەوە کە من میتافیزیك بە گاڵتە و گەمە ئەزانم، بە پێچەوانەوە، بەرهەمە مەزنە میتافیزیکییەکانی ڕابردوو بە شازترین دەسکەوتەکانی ئەندێشەی مرۆڤ دائەنێم". ویتگنشتاین پێی وابوو کە بابەتە میتافیزیکیەکان خاوەنی گرنگین و هەتا هەتایە مرۆڤ لەم کێشانە دانابڕێ، بەڵام پێی وابوو کە ئەبێ لە ڕێگای فەلسەفەوە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەست نیشان بکەین. ئا لێرەدایە کە ویتگنشتاین ئەرکی دەروون شیکارانە دەبەخشێ بە فەلسەفەو لەو باوەڕەدایە کە فەلسەفە نەخۆشییەکە کە

به دەستی خۆی دەرمان ئەکرێ. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ویتگنشتاین لە گومانە فەلسەفیەکان بێزاربوو و دەیویست بە چەشنێك بگا بە دڵنیایی و سەقامگیریی فیکری. هەر بۆیە لە یەکێ لە وتاربێژییەکانیدا ئەڵێ: "فەلسەفە دۆزەخە"، ئەم ڕستەیە بەو واتەیە دێتەوە کە فەلسەفە و گومان و نادڵنیاییەکانی، فیکر و ئەندێشەی بنەبڕخوازی (قطعیت گرا) ئەویان تووشی ئازارو ئەشکەنجە کردووە. کەوایە هەوڵی بێوچانی ویتگنشتاین لە بەرهەمی یەکەمیدا (تراکتاتوس) ئەوەیە کە ئەرکێکی دەرمانگەرانە بدا بە فەلسەفە کە نەخۆشیەکانی خۆی دەرمان بکات. فەلسەفە لە تەعبیرێکی بە ناوبانگی ویتگنشتاین دا هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ دەربازکردنی مێشێك کە لەنێو قاپێکی شووشەییدا گیری کردووە. بە پێی ئەم تەعبیرە ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە بەو کەسانەی کە بابەتی میتافیزیکی لە زمانی وتاردا بەکار ئەهێنن بسەلمێنی کە تووشی هەڵەو چەواشە بێژی بوون. واتە ئەو شتەی کە لە وتن نایەت، هێناویانەتە بازنەی وتنەوە. ویتگنشتاین بەدوای دەرکردنی کتێبی تراکتاتوس، وایدەزانی کە تەواوی کێشەکانی فەلسەفەی تاووتوێ کردووە. هەر بەو بۆنەوە دەستی لە نووسین هەڵگرت و بە ماوەی نزیك لە هەشت ساڵ خۆی لە ژیانی زانستی و ئاکادیمیانە دوور خستەوەو لە دێهاتێکی دوورە پەرێزی ئوتریش دا وانەی سەرەتایی دەوتەوە. هەر ئەم شێوە ژیانە کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی داناو دوای ماوەیەك ئاڵ و گۆڕێکی ئەوتۆی لە بڕیارەکانی تراکتاتوس دا بەدی هێنا. ویتگنشتاین بۆچوونە تازەکانی لە کتێبێکدا بە نێوی توێژینەوە فەلسەفییەکان دەرکرد و لەوێدا لە تیۆرەی وێنەیی زمان تێپەڕیی و تیۆرێکی تازەی خوڵقاند بە نێوی کایە زمانییەکان.

به پێی تیۆری کایە زمانییەکان، زمان تەنیا وێنەی واقیع نییە و واتای زمان و تیۆرمە زمانییەکان بەو شێوەیە بۆمان دەرناکەوێ. بەڵکو واتای تیۆرمە زمانییەکان لە بەکارهێنان و کارکردنیاندا دەرئەکەوێ. ویتگنشتاین ئەم بۆچوونە تازەیەی بە هوتاڤێکی بە ناوبانگ دەربڕی: "بیر لە واتا مەکەوە، بیر لە کارکرد بکەوە".

لێرەدایە کە زمان لە تاکە کارکردی (وێنە هەڵگرتن) ڕزگاری ئەبێت و کارکردی جیاواز بە خۆوە ئەگرێ. ویتگنشتاینی دووهەم ئەڵێ: "شتێ بە نێوی سنووری زمان بوونی نییە، بەڵکو سنووره زمانییەکان بوونیان هەیە". تیۆری کایە زمانییەکان لەڕاستیدا هەڵگەڕانەوەیەکی تەواوی لە فەلسەفەی قۆناغی یەکەمی ویتگنشتایندا هێنایە کایەوە. لێرەدا زۆربەی ئەو چالاکییە زمانییانە کە پێشتر بە هەڵەو چەواشە بێژی تاوانبار دەکران بۆیان هەیە لە چوارچێوەی سنووری خۆیان واتاداربن و کارکردیان هەبێ. بە پێی ئەو تیۆرەیە زمان دەورێکی پراگماتیانە دەگرێتەخۆ کە زۆرتر لە خزمەتی ئامانج و خواستەکانی مرۆڤدا واتا دەگرێتە خۆی. بەو چەشنەی کە تیۆرمە زمانییەکان کاتێ واتادارن کە کارکردێکیان هەبێ و بێژەری ئامانج یان خواستێکی مرۆڤ بن. ویتگنشتاین هەروەها ئاماژە بەوە ئەکات کە بەکارهێنانی زمان بە پێی ڕێسا یان قاعیدەیەو قاعیدە بە سەر پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا دروست ئەبێ. تیۆری کایە زمانییەکان لە ڕواڵەت و تەفسیری جیاوازدا بەکارهێنراوەو هەر ڕەوتێکی فیکری بە شێوەیەك کەڵکی لێ وەرگرتووە. تا ڕادەیەك کە بۆتە بنەمایەك بۆ ڕوانگەی ڕێژە خوازانەی پۆست مۆدێرنەکان بەو چەشنەی کە هەر وتار یان کردارێ دەتوانێ کایەیەکی زمانی بێت" تەنانەت فەلسەفە. بەڵام ویتگنشتاین ئەرکێکی تایبەتی وەکو ئەرکی سەرشانی فەلسەفە دیاری نەکردبوو. ویتگنشتاین بە کایەی زمانیی فەلسەفە بڕوای نەبوو و پێی وابوو کە فەیلەسووفەکان دەبێ سەرقاڵی کایەی زمانی شیکردنەوەو تەوسیف بن. "دەبێ خەریکی شیکردنەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی ڕستەکان بن، دەبێ دیاریی بکەن کە زمان چۆن شیمانەی هەیە بە چەشنێك بەکاربهێنرێ کە ئێمە بەرەو تاووتوێکردنی هەمیشەیی گرفتە فەلسەفیەکان ببات.

دەبێ ئەم بیرۆکەیە فڕێ بدەن کە فەلسەفە بێجگە لە شیکردنەوەو وەسفکردن، ئەرکێکی تایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەو هۆکار خوازی هەیە".

## سەرچاوەکان


1–اسکروتن، راجر، کانت، ترجمه علی بابا، نشر طرح تو، 1375.

2–تیلور چارلز، هگل و جامعه مدرن، ترجمه منوچهر حقیقی راد، نشر مرکز، 1379.

3–هیپولیت، ژان: مقدمه بر فلسفه تاریخ هگل، ترجمه باقر یک م، نشر اگاه، 1365.

4–کاپلستون، فردریک، تاریخ فلسفه (ازفیشته تانیچه)، ترجمه داریوش اشوری، نشر علم فرهنگی و سروش، 1375.

5–فن، ك. ت، مفهوم فلسفه ترد ویتگنشتاین، کامران قره گزلی، نشر مرکز، 1381.

6–ویتگنشتاین، لودویگ، بزو هشهای فلسفی، ترجمه فریدون فاطمی، نشر مرکز، 1380.

7–پیرس، دیوید، ویتگنشتاین، ترجمه نصر الله زنگویی، نشر سروش، 1379.

8–مگی، برایان، فلاسفه بزرگ، ترجمه عزت الله فولادوند، نشر خوارزمی، 1373.

9–اوی زرمان، تئودور، مسائل تأریخ فلسفه، ترجمه برویز بابائی، نشر اگاه، 1377.

10–رایشنباخ، هانس، پیدایش فلسفه علمی، ترجمه موسی اکرمی، نشر علم و فرهنگی، 1371.


binandhx11@yhoo.com

